

# تەنیایی دوای باران

نەجات روستی
najatrosty@yahoo.com

به هەناسە سواری خۆی کرد بە پەناگەیەك بۆ ئەوەی خوڕەی باران کەمتر بێتەوە وئنجا رێی بگرێتەبەر، لە ژێر چەترەکەی روخساری دەرنەدەکەوت تا گەیشتە پەناگەو باڵەکانی چەترەکەی هێنایەوە یەك کە سەیری کردم بەڕوییەکی خۆشەوە بەرەوڕوم هات و دیار بوو زۆر بەبینم گەشایەوە ,گلەیی ئەوەم لێکرد کە زۆرکەم دەردەکەوی و هەواڵی نییە. نەیویست لەوێ درێژە بە ئاخافتنەکەی بدات. داوای ژمارەی مۆبایلەکەمی کرد، سەیری کاتژێرەکەی دەستی کردوبەدەم رۆیشتنەوە: خۆم پەیوەندیت پێوە دەکەمەوە ئنجا دەزانی ژیانی من چۆنە و چی لهاتووە... دوایی چەند رۆژێك لە نیوەشەوێکی بێ کارەبا بەمێسجێك هەواڵی پرسیم و داوای کرد ئەگەر کاتم هەبێ قسەبکەین دوای چەند ساتێك زەنگی تەلەفۆنەکەی لێداو دیسان دوای گلەیی هەردولامان. بەدەنگێکی نەرم و لەشەوێکی کپی زستان دا کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی، لە تەمەنی منالیەوە دوکانێك لە نزیك ماڵی ئێمە بوو بە هۆی چەند جارێك هامۆشی کردنی دوکانەکە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانم ئاشنای ئەو کورە بووەم کە لە دوکانەکەکاری دەکرد پاش ئەوەی هەستم کرد نێگاکانی, داوای عەشق دەکا. هەربەشەرمەوە هەموو جارێ پیداویستەکانم دەکڕی و ئەویم بەجێدەهێشت رۆژبەرۆژ ئەو هەستە لەلای منیش دروست دەبوو بۆیە حەزم کرد هەرکارێکی دەرەوەمان هەبێت بەتایبەتی لە پێداویستەکان حەزم دەکرد بچم لەوێ بیکرم، ئەو هەستەمان بەردەوام بوو لەلایەن هەردووکمان. تا رۆژێك پارچە کاغەزێکی بچوکی لەگەڵ کرینی پێداویستیەکانم خستە ناو دستم منیش هەر لە دەرگای دوکانەکەوە چوومە دەرەوە خێرا چاوم لێ کردوو خوێندمەوە. بە خەتێکی ناخۆش نوسرابوو خۆشم ئەیوت چیتر بەرگری گڕی خۆشەویستی تۆ ناگرم توخوا بەسە مەم سوتێنە لەو رۆژەوە عەشقی ئەو لە دەروندا چەکەرەی کرد. دوای دوو رۆژ رووەو دوکانە رۆشتمەوە بۆ پێداویستیەکانی ئەو رۆژەمان هەر لە دوکانە جوومە ژورەوە وەك گوڵ گەشایەوە، لەسەر خۆو بە نەرمە شەرمێکەوە کاغەزەکەت خوێندەوە....؟

حەزدەکەم وەڵامم بدەیتەوە پاش دوورۆژ منیش کاغەزێکی بچوکم لە ماڵەوە هەڵگرت و لێم نووسی منیش خۆشم ئەوێی، لەو رۆژەوە پەیوەندی نێوانمان دەستیپێکرد. پاش چەند مانگێك لە پەیوەندی خۆشەوستی هاتەداوام و رازی بوون، زۆری پێ نەچوو ئاهنگەکەمان گێراو بووین بە هاوسەر، دوای تێپەڕبوونی هەشت مانگ بەسەر ژیانی هاوسەریمان رۆیشت بەرەو هەندەران کەوتە خەیاڵی و بەردەوام ئەی وت ئەڕۆم کەگەیشتم تۆش دەبەم, ماڵەوشیان بەردەوام هانیان ئەدا. کەبچێتە دەرەوە، لە بەرەبەیانێکی رۆژێکی هاویندا جانتایەکەی هەڵگرت و رووەو رێگایەکی نادیار کەوتە رێ. دوای پێنچ

مانگ گەشتە ئەڵمانیا دوای ماوەیەکی زۆر دەنگی نەما. داوام لێکرد کە چارەیەك لە ئێمە بکات، بەبێ هیچ هۆیەك داوای جیابونەوەی کرد. چەند هەوڵمدا سودی نەبوو ئەوەبوو لەڕێگای فاکسەوە تەلاقنامەکەی بۆ ناردمەوە منیش لەبەر خۆشەویستی کچەکەم کەتازە دوومانگانە بوو بەدڵشکاوی بەرەو ماڵی باوکم ڕۆشتمەوە دوای یەك ساڵ دانیشتن بەدیار منداڵەکەمەوە لەڕێگای ماڵی پورم کەسێك داوای کردم منیش وەك ڕەدێکی توند بۆ هاوسەرەکەم شووم بە پیاوەکە کرد کە دوو ژنی تری هەبوو. پاش ژیانێکی کولەمەرگی لەگەڵ ئەویشدا هەرچۆنێك بوو ڕازی بووم، دوای دووساڵ لەگەڵ ئەویش پیاوەکەم ژنێکی تریشی هێنا لە ژنی یەکەمی جیابووە بەڵام بەژنە تازەکەی ژمارەمان سێ بوو ئەو پیاوەش بەردەوام بەدوای هەوز بازی خۆیەوە بوو وەك ماڤ ژن و مێردایەتی پێداویستەکانمی دابین نەدەکرد. ئەو ڕۆژەی لە ماڵەوە نەبومایە وامدەزانی لەبەهەشتم و ماڵی خۆم بەبەردەوام قەرەباڵخ بوو لێم ببوو بە دۆزەخ هەرجارێ بەسەردان دەچومە ماڵی باوکم بە سێ مانگ و چوارمانگ پیاوەکەم لێ نەدەپرسیمەوە بۆیە بەناچاری داوای جیابونەوەم کرد پیاوەکەش ڕازی بوو بەڵام بەومەرجەی داوای هیچ نەکەم.

دوای چەندین دانیشتن لە دادگا دوابڕیاری جیابوونەوەمان تەواوبوو جارێکی تر من بەرەو ماڵی باوکم وئەویش بۆلای دووژنەکەی تری.

ئەم جارەش دوای چوارساڵ دانیشتن پیاوێکی تر کە ماوەی هەشت ساڵە لە دەرەوە دەژی و پەنابەری سیاسی هەیە داوام لێ دەکات ببین بە هاوسەر و جانازانم قەدەر ئەم جارە بۆ کوێمان دەبات؟ بۆ خۆشی یان بۆ جارێکی تر هەڵدێران.........؟